
دەریا ڕەواندزی

# عیشقی تۆ

1

هەموو شەوێک
لەخەمی بێ تۆییدا
خەڵوەتم دەگرت
تۆش...
هیچ سۆراخێکت نەبوو،
دەزانی ساتەکانم
بەچاوەڕوانی هاتنی تۆ
بەسەر دەبرد!
تۆش وەك باران
هەر جارێك
پێدەشتی دڵمت تەڕ کرد و
نەهاتیەوە.

2

لەنیوە شەودا
بێئۆقرە دەبووم و
خۆم دەدا بەدەست گریانەوە و
نیگەران مەبە
هیچ سکاڵایەکم
لەتۆ نەبوو
هەر چەندە
تۆ بەیادی من نەبوویت،
بەڵام
"من" بۆت دەمردم.!

3

حەزم دەکرد
بەعیشقی تۆ...
دەرگای دنیا
بەرووی خۆما داخەم
کەچی تۆ...
دەتویست وەک بووکە شوشەیەک
بۆت بگریم و پێبکەنم
دەبێ بێ ئاگا بیت
لەویستی خۆپەرستیت
لەعیشق و گریانم
یاخود
راهاتوی بەدڵشکاندن و
نەگەڕانەوە؟!

4

شەوێك بەبێ تۆیی
لەژێر ناوی خۆم
بۆم نوسیت..
وەرزەکان دێن
هیچیان هەواڵی تۆیان لا نییە
تۆ لەکام مەملەکەت
هەناسە دەدەی
بۆ ئەوەی دەریا عیشقی
بەسەر ببارێنێ و
بۆ ئەبەد
هەر بەسەوزی بمێنێتەوە
نوسیم..
بۆ هێندە حەز بەگریانم دەکەی
کە خۆم دەریایەکم و
چەندین دەریای تر
لەچاوانم
بەفرمێسك تەواو بوبن
دەزانم ئێستاش
تۆ هەروەك بوکە شوشەیەك
سەیرم دەکەی.!

5

هەموو شەوێک...
لە خەونەکانما
دەتبینم هەستت پێ دەکەم
ئەوە دەزانم،
کە دڵ لە لێدان ناکەوێ
تۆش...
سەرەرای دووری نێوانمان
لەباوەشی کەسێکی ترا خەوتووی
ئەوە تۆ نیت،
کە خۆت بە دوور بگریت،
یاخود
خۆت بشاریتەوە
لەرووناکی
حەز ناکەم...
لەم خەمباریە بێمە دەرەوە
بانگێشت نەکراوم
نەمتوانی خۆم بە دوور بگرم
بەرەنگارت ببمەوە
کەسێکی وەک تۆ دەدۆزمەوە.!

6

بیرم دێ
ئەو کاتانەی،
کە پێت وتم:
خۆشەویستی ئازارە
ئەم کاتتانە،
چەند زوو تێپەڕی
تەنها دوێنی بوو
کاتێ چاوەروانی بوو.!

7

لە دایک بووین و گەورە کراین
لە رۆژێکی پاییزدا
کۆچت کردو
هەرچی هەست و عیشقی
دڵی من بوو

له ژیاندا سڕیته‌وه
ئه‌و کاتانه‌ی،
له که‌نار ده‌ریا
رازو عه‌شقی تازه‌ت ده‌ست پێکرد
کێ ده‌زانی
که ئه‌م ژیانه
تامێکی
ئه‌وه‌نده تاڵی هه‌یه؟ .!

که‌نه‌دا/ئه‌لبێرتا
ده‌ریا ره‌واندزی